# شیكردنەوەو هەڵسەنگاندنی گەشپێدانی شوێنی لە هەرێمی كوردستانی عێراق


د. أيوب خليل أسماعيل

زانكۆی سەلاحەددین

كۆلێژی ئەدەبیات

بەشی جوگرافیا



**پوختە**

كێشەی جیاوازی شوێنی گەشەپێدان گرفتێكی بەرچاووی پرۆسەی بەرەوپێشچوونە لە هەرێمی كوردستان, بۆیە دەستنیشانكردنی دۆخی گەشەپێدان لە هەر پارێزگایەك و ڕادەی جیاوازی نێوانیان دەبیتە مایەی دۆزینەوەی میكانیزمێكی نوێ بۆ بەرەنگاربونەوەی جیاوازی شوێنی گەشەپێدان لە هەرێمدا. لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە ڕووبەڕووی ئەم گرفتە ببینەوە لە ڕێگەی لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەی دۆخی گەشەپێدان لەسەر ئاستی پارێزگاكان, بۆ ئەم مەبەستە پشت بەستراوە بە چەند ئاماژەیەكی گەشەپێدانی ئابووری-كۆمەلأیەتی دیاریكراوو كە ژمارەیان دە ئاماژەیە, بۆ بەدەرخستنی جیاوازیەكانی گەشەپێدان لەنێوانیانداو پاڵپشت بە بەكارهێنانی سێ پێوەری سەركی كە بریتی بوو لە پێوەرەكانی پلەی گەشەپێدان, ڕێزبەندی گەشەپێدان و باری گەشەپێدان. دوای پراكتیزەكردنی پێوەرە جیاكانی گەشەپێدان لەسەر ناوچەی لێكۆڵێنەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كە جیاوازی بەرچاوو هەیە لە نیوان پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لە ڕووی ڕیزبەندی گەشەپێدانەوە. لە كۆتاییداو بە مەبەستی هێنانەدی هاوسەنگی لە پرۆسەی گەشەپێدان و وەگەڕخستنی سەرجەم توانستە سروشتی و مرۆییەكانی هەرێمی كوردستان, ئەم لێكۆڵینەوەیە بە پێویستی زانی لە كاتی دابەشكردنی تەرخانكراوە داراییەكانی وەبەرهێنان, بنەمای دادپەروەری كۆمەلأیەتی و كارایی وەزیفی ڕەچاوو بكری بە مەبەستی پتەوكردنی یەكرێزی نیشتمانی و لەناوبردنی بێكاری و هەژاری لە ناوچە جیاوازەكاندا.



**دەستەواژە گرنگەكان:** گەشەپێدان, گەشەپێدانی شوێنی, پێوەرەكانی گەشەپێدان, ئاماژەكانی گەشەپێدان, هەرێمی كوردستان-عێراق

**پێشەكی:**

گەشەپێدان بە شێوەیەكی گشتی گوزارشت لە گۆرانكاری خوازراو و بەرەوپێشچوونی گشتگیری كۆمەڵگا دەكات بە هەموو چالأكیەكان و پێكهاتەكانی، ئەمەش بە مەبەستی دەستەبەركردنی پێویستیە سەرەكیەكانی تاكەكانی و هێنانە دی خۆشگوزەرانی بۆیان (بدران واخرون، ١٩٨٩). بۆیەش لە رۆژگاری ئەمرۆدا چەمكی گەشەپێدان بۆ وەسفكردنی دۆخی ئابووری و كۆمەلأیەتی ولأتیكی دیاریكراوو بەكاردەهێنری، هەر ئەوەش وایكردووە كە بە تەنها پشت بە ئاستی داهاتی تاكەكەسی یاخود تێكرای قەبارەی بەرهەمی لۆكالی نەبەستریت بۆ دەرخستنی پلەی گەشەپێدانی هەر ولأتیك، بەڵكو بە ڕادەی بەردەستی خزمەتگوزارییەكان و پێداویستیە سەركیەكانی بواری فێركردن و تەندروستی و ڕێگاوبان و ئاوو كارەباو هەڵی كار بۆ دانیشتوان پیوانە دەكرێ (World Bank, ٢٠٠٠). لەم سالأنەی دواییدا چەمكی گەشەپێدان Development گشتگیرتر بوو جگە لە ناوەرۆكی پرۆسەی گەشەپێدان رەهەندی شوێنیشی Spatial Dimension لە خووگرت. هەڵبەتە لە ڕووی ناوەڕۆكەوە پرۆسەی گەشەپێدان لایەنێك یا سیكتەریك بەبێ ئەوانی تر لە خۆ ناگریت، بەلأم لەڕووی رەهەندی شوێنی گەشەپێدانەوە دەبێ وادابنرێت كە گشت ناوچەو پارێزگاكان بگرێتەوە بە بێ جیاوازی و بە لەبەرچاوگرتنی توانستەكان و پێویستیەكانی هەر ناوچەیەك بۆ وەدەستهێنانی هاوسەنگیەكی دادپەروەرانە بۆیان (الشاهد، ١٩٩٩، ص ٣٦). چونكە نا هاوسەنگی لە پرۆسەی گەشەپێدان لەسەر ئاستی پارێزگاكان وناوچەكان كاردانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر پێشكەوتن و جێگیربوونی كۆمەلایەتی لە كۆمەڵگادا، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆكاری كۆچكردنی دانیشتوان لەو پارێزگایانەی كە گەشەی كەمترە بۆ ئەو پارێزگایانەی كە گەشەپێدانی زۆرترە و ئەمەش زۆرجار دەبێتە هۆكاری كێشەی گەورەو ئالۆزلێرەدا ڕەهەندی شوێنی پرۆسەی گەشەپێدان گرنگیەكی زۆری هەیە و كۆڵەگەیەكی بنەڕەتیە بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانیكی گشتگیر بە دووریە جیاوازەكانی. لێكۆڵینەوە دەربارەی گەشەپێدان وئاماژەو پێوەرەكانی بە دیارترین ئەو ئامرازانە دادەنرێت كە پەنای بۆ دەبردرێت بۆ دیاریكردنی ئاستی جیاوازی شوێنی گەشەپێدان لە نێوان یەكە كارگێڕیەكاندا (هەرێمەكان - پارێزگاكان) لە پێناو بەرچاو ڕوونی ئەوانەی كە بڕیارەكانی گەشەپێدان وەردەگرن لە داهاتوو(Hicks& Streeten, ١٩٧٩).

هەرێمی كوردستانی عێراق لەئێستادا بەدەست كێشەی جیاوازی شوێنی گەشەپێدان دەناڵێنێت لەنێوان ناوچەو پارێزگاكانیدا، ئەمەش لە ئەنجامی پشتگوێ خستنی رەهەندی شوێنی گەشەپێدان بووە لە سالأنی ڕابردوو سەرباری نەبوونی سیاسەتیكی گەشەپێدانی گشتگیر لە سەر ئاستی ناوچەكان و پارێزگاكانی. ئەم گرفتە دەكری بڵێین لە دوو لایەنی سەرەكی خۆی دەبینیتەوە، یەكیكیان: چڕبوونەوەی وەبەرهێنان و پرۆژەكان لە شارە گەورەكان و بەتایبەتی لە پایتەختدا، لە ئەنجامی گردبوونەوەی فرەیی ئابووری تیایدا، كە ئەمەش وایكردووە ببێتە ناوچەیەكی ڕاكێش pull بۆ هێزی كار ودانیشتوان. دووەمینیان: خۆی لە شارەكانی تردا دەنوێنێت كە وەبەرهێنان و ژێرخانی ئابووری و ئاستی خزمەتگوزاری تیاندا لاوازە، ئەمەش وایكردووە ببێتە ناوچەیەكی پاڵنەر push بۆ هێزی كار ودانیشتوانی بۆ بەرژەوەندی شارە گەورەكان. لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە ببینەوە بە لێكۆڵینەوە و شیكردنەوەی دۆخی گەشەپێدان لەسەر ئاستی پارێزگاكان، لە ڕێگەی بەكارهێنانی پێوەركانی گەشەپێدان تیایاندا پشت بەست بە ئاماژەكانی گەشەپێدانی شوێنی.

بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە لێكۆلینەوەكە چوار تەوەری سەرەكی لە خۆو گرتووە. تەوەری یەكەم لە چەمكی گەشەپێدان و پێوەرەكانی وبەرەوپێشچوونی لەم سالأنەی دواییدا دەكۆلیتەوە, لە كاتێكدا تەوەری دووەم شیكردنەوەی تایبەتمەندیەكانی گەشەپێدانی شوێنی لە هەرێمی كوردستان دەخاتە ڕوو لە پاڵ باسكردنی چەند پێوەرەكی گەشەپێدان پیشنیاركراوو بۆ ئاشكراكردنی پلەی گەشەپێدان لەسەر ئاستی پارێزگاكانی هەرێم پشت بەست بە ئاماژەی دیاریكراو. هەرچی تەوەری سێیەمە گرنگی پەیرەوكردنی گەشپێدانی شوێنی هاوسەنگ لە هەرێمی كوردستان دەخاتە ڕوو پالپشت بەو شیكردنەوانەی لە تەوەری پیشووتر بەدەست هاتوون. تەوەری چوارەم و كۆتایی تایبەت بە خستنەڕووی گرنكترین ئەو ئەنجامانەی لەم لێكۆلینەوەیەدا بەدەست هاتوون و لە پاڵ خستنە ڕووی چەند ڕاسپاردەو پیشنیارێكی پەیوەست بە باشتركردنی دۆخی گەشەپێدان لە هەرێمی كوردستان.

- **كێشەی لێكۆلینەوە:**

جیاوازی شوێنی گەشەپێدان لەنێوان پارێزگاكاندا لە هەرێمی كوردستان گرفتێكی بەرچاووی پرۆسەی بەرەوپێشچوونە تێیدا, بۆیە دەستنیشانكردنی دۆخی گەشەپێدان لە هەر پارێزگایەك و ڕادەی جیاوازی نێوانیان دەبیتە مایەی دۆزینەوەی میكانیزمێكی نوێ بۆ بەرەنگاربونەوەی جیاوازی شوێنی گەشەپێدان لە هەرێمدا.

- **گریمانەی لێكۆلینەوە:**

دیاریكردنی ئاستی گەشەپێدان لە پارێزگاكاندا پالپشت بە ئاماژەكانی گەشەپێدانی شوێنی ڕۆلیكی گرنگ دەگێری لە دەستەبەركردنی میكانیزمی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی كێشەكان.

- **ئامانجی لێكۆلینەوە:**

ئامانجی سەرەكی ئەم لێكۆلینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی دۆخی گەشەپێدان لە هەرێمی كوردستان پشت بەست بە پێوەرەكانی گەشەپێدانی شوێنی پێشنیاركراو (لەسەر ئاستی پارێزگاكان) بۆ ئاشكراكردنی جیاوازی شوێنی, دواتر پێشنیازكردنی چەند ڕاسپاردەیەكی گونجاوو بۆ نەهیشتنی جیاوازیەكانی شوێنی گەشەپێدان تیایدا.

- **میتۆدی لێكۆلینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پشت دەبەستێت بە میتۆدی وەسفی شیكاری بۆ لیكۆلینەوە و شیكردنەوەی دۆخی گەشەپێدانی پارێزگاكان, بە بەكارهێنانی ئاماژەی (مؤشرات) دیاریكراو كە لە ژێر رۆشنایی ئەودا ئاستی گەشەپێدانی هەر ناوچەیەك ئاشكرادەبیت ودواتر دەبیتە ئامرازیكی كاریگەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی جیاوازیەكانی شوێنی و كاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە ڕوودانی گۆڕانكاریە داخوازكراوەكان لە هەرێمدا.

**تەوەرەی یەكەم: بەرەوپێشچوونی چەمكی گەشەپێدان و پێوەرەكانی :**

**١. بەرەوپێشچوونی چەمكی گەشەپێدان**

ئاشكرایە لای هەمووان كە چەمكی گەشەپێدان چ لەرووی ناوەرۆك و چ لە رووی تێگەیشتنەوە, ساڵ لە دوای ساڵ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمی بەردوام لە گۆران نویبوونەوە دایە. ئەم گۆڕانكاریانەشی كە بەسەر چەمك و ناوەڕۆكی گەشەپێدان داهاتووە وەلأمدانەوەیكی سرووشتی ئەوكێشانە بووە كە ڕووبەڕووی وڵاتەكان بووتەوە و ڕەنگدانەوەیكی ڕاستەقینەی ئەزموونی كەڵەكەبووی ئەم وڵاتانەیە لەم بوارەدا. چەمكی

گەشەپێدان لە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە گۆرانی بەسەرداهات لە ڕووی ناوەرۆك وئامانجەکانی و ڕادەی لەخۆگرتنی هەردوو رەهەندی شوێنی و کاتی. بڕوانە شێوەی (١).

دەکرێ بڵێین سەرەتای سەرهەڵدانی چەمکی گەشەپێدان بۆ دوای جەنگی جیهانی دووەم دەگەرێتەوە, بە هۆی ئەوەی زۆریك لەو وڵاتانەی سەربەخۆییان بەدەستهێنا پێویستیان بە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری هەبوو. لەبەر ئەمەش لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆلینەوە وتوێژینەوە زانستی ئەنجامدران و بە ئاڕاستەی ئابووری, کۆمەلأیەتی, سیاسی, کارگێری نووسران. ساڵی ١٩٥١ ز کۆمەڵە لێکۆڵینەوەیەکی پەیوەست بە گەشەپێدان لە زانکۆی شیکاغۆ هاتە ئەنجامدان و کۆمەڵێك پسپۆری ئەنترۆبۆلۆجی, کۆمەڵناسی, مێژووی لە پاڵ پسپۆرە ئابووریەکان لە خۆ گرت. ئەمەش بە سەرەتای ناساندن و روونکردنەوەی چەمکی گەشەپێدان دادەنریت. کرداری گەشەپێدان لەم ڕوانگەوە تەنها گەشەکردنی (Growth) لایەنی ئابووری لە خۆ ناگرێت, بەڵکو گەشەکردنیکی پەیوەستە بە هێنانە دی گۆرانکاری جۆری لە ئاستەکانی ئابووری و کۆمەلأیەتی دەگریتەوە. هەر بۆیەش پرۆسەی گەشەپێدان بە بۆچوونی (درنوسکی) هەردوو گۆڕانی چەندی و جۆری واقعی ئابووری و کۆمەلأیەتی دەگرێتە خۆ و بە تیگەیشتنی ئەو, پەیوەندی بەهێزی نێوان رەگەزە ئابووری و کۆمەلأیەتیەکان رێگرە لە گەشەکردنیکی ئابووری یا گەشەکردنیکی کۆمەلأیەتی تاك لایەنە (Drewnoski, ١٩٧٤). بۆچوونی (ئەلخەیر) هاورایە لەگەڵ ئەوەی سەروە کاتیك لە کتیبەکەیدا کە بە ناوی (التنمیة والتخطیط) وا پیناسەی گەشەپێدان دەکات کە لە بنەڕەتدا بریتیە لە پرۆسەی گۆرینی ژێرخانی ئابووری و کۆمەلأیەتی بۆ هەموو ئاڕاستەو چالاکی و دیاردەو ئاکارە کۆمەلأیەتی ئابووریەکان (الخیر, ٢٠٠٠). کە ئەمەش هەموو لایەنیك لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگە وسێکتەرەکانی دەگرێتەوە. لێرەدا (کلاوەر) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بە تەنها زیادکردنی دەرامەت و بەرهەمی نەتەوەیی گرنگ نیە, بەلکو گرنگ ئەوەیە چەندە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزکردنی ئاستی بژێوی دانیشتوانەوە( Clower, ١٩٦٦). بۆیەش پرۆسەی گەشەپێدان بە بۆچوونی (ئەلنجار و شلاش) بریتیە لە گواستنەوەی ئابووری نەتەوەیی لە بارێکی دواکەوتوو بۆ بارێکی پێشکەوتووتر لە هەموو بوارەکانی ژیانداو ئاستیکی پێویست لە گەشەی ئابووری بگرێتە خۆ وببیتە مایەی زیادبوونی کۆی داهاتی نەتەوەیی و گۆرانیکی ریشەیی لە پێکهاتەی ئابووری و کۆمەلاجیەتی لێبکەوێتەوە(الخیر, ٢٠٠٠). لەژێر رۆشنایی ئەوەی باسکرا, دەکری بڵێن گەشەپێدان دیاردەیەکە ڕەهەندێکی هەمەچەشنی هەیەو زیاترە لەوەی کە تەنها دیاردەیەکی ئابووری و کۆمەلأیەتی بێت و گۆڕانکاری لە هەیکەلی دامەزراوەیی و بەرهەمهێنەریی و کۆمەلأیەتی و سیاسی و داب ونەریتی دەگرێتە خۆ. کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری باشتر بوونی بناغەو و شێوازی بەرهەمهێنانی باوو بۆ بەرەنگاری کێشەی ناهاوسەنگی داهات و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکان و نەهێشتنی هەژاری وبێکاری.

شێوەی (١) قۆناغەکانی بەرەوپێشچوونی چەمکی گەشەپێدان و تایبەتمەندیەکانی

| قۆناغی (1) لەکۆتای شەڕی جیهانی دووەم تاوەکو ناوەڕاستی شەستەکان | قۆناغی (2) لەناوەڕاستی شەستەکان تاکو کۆتای حەفتاکان | قۆناغی (3) لە کۆتای حەفتاکان تاوەکو کۆتای هەشتاکان | قۆناغی( 4) لەسەرەتای نەوەدەکان تاوەکو کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|
| • 1-گەشەپێدان بەوشێوەی کە هاوتای گەشەپێدانی ئابووری.<br>• 2-پشت بەستن بەستراتیژی پیشەسازی وە لە هەندی وولات لەسەر ستراتیژی هاوکاریەدەرەکیەکان.<br>• 3-مۆدێلی ڕۆستۆ کەناسراوە بە قۆناغەکانی گەشەی ئابووری بە گرنگترین مۆدێلەکانی ئەم قۆناغە دائەنری. | • 1-بەرەوپێشچوونی چەمکی گەشەپێدان کە لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەخۆگرت.<br>• 2-چڕکردنەوەکی هەولەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی هەژاری بێکاری نایەکسانی لەڕێگای پراکتیزکردنی ستراتیژیەتی پێداویستە بنەڕەتیەکان و بەشدارپێکردنی هاوڵاتی لە ئامادەکردنی پلانەکانی گەشەپێدان و جێ بەجێ کردنی و چارەسەرکردنی.<br>• 3- مۆدێلی سیزر بە گرنگترین مۆدێلەکانی ئەم قۆناغە دەناسریت و گەشەپێدان لە ڕێگەی رادەی کێشەکانی هەژاری و بێکاری و نایەکسانی دیاری دەکات . | • 1-دەرکەوتنی چەمکی گەشەپێدانی گشتگیر.<br>• 2-کەم کردنەوەی جیاکاریە هەرێمیەکان.<br>• 3-چاك کردنی باری ژیان و نەهێشتنی بێکاری.<br>• 4- پاڵپشتی کردنی چەمکی گەشەپێدانی تەواو کە بایەخ دەدات بە تەواوی لایەنەکانی گەشەپێدان لە چوارچێوەی تەواوکاری سیکتەری وشوێنی. | • 1-دەرکەوتنی چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام .<br>• 2-جەختکردنە سەر لایەنەکانی ژینگەیی سەرباری لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.<br>• 3-چارەسەرکردنی ئەوکێشانەی کە ڕووبەڕووی گەلێك لە ولآتەکانی جیهان دەبێتەوە وەکو :<br>• -بلاوبوونەوەی فراوانی هەژاری.<br>• -خراپبوونی بەردەوامی ژینگەی سرووشتی. |

## ٢. پێوەرەکانی گەشەپێدان و ئاماژەکانی:

بیرۆکەی گەشەپێدان خۆی لە خۆیدا پێویستی پێوانە کردن دەهینێتە ئاراوە, لەبەر پێویستی بە دارشتنی ستراتیژەکان و پلانەکان یاخود هەڵسەنگاندنی دەرئەنجامەکان. بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەو گۆرانکاریانەی روویداوە بەسەر چەمکی گەشەپێدان, دەکرێ بڵێین پێوەرەکانی گەشەپێدان و ئاماژەکانی جیاوازن بە گوێرەی جیاوازی ئامانجەکانی گەشەپێدان و تایبەتمەندیەکانی (ئابووری, کۆمەڵایەتی یا چەندی وجۆری). بۆیە ئەمڕوکە شتێکی باوە کە ئاماژەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە (ئابووری- کۆمەڵایەتی-ئاماژەکانی پێویستیە بنەرەتیەکان یا ئاماژەکانی خۆش گوزەرانی و جۆرەکانی ژیان) بەکاربهێنری بۆ دەرخستنی ئاستی گەشەپێدان لە هەر ناوچەیەك (ودیع, ١٩٩٥). لە لایەکی ترەوە رێبەری ئاوێتەش (دلائل مرکبة) بەکاردەهێنری بۆ ئەم مەبەستە کە چەندین ئاماژەی تایبەت لە خۆ دەگریت وەکو (رێبەری ئاستی بژێوی- رێبەری جۆری ژیان_ رێبەری تەندروستی کۆمەڵ_ رێبەری گشتی بۆ گەشەپێدان و بوژانەوە و رێبەری گەشەپێدانی مرۆیی). شێوەی (٢) رێبەری گەشەپێدانی مرۆیی دەخاتە ڕوو.

شێوەی (٢) ڕەهەندو ئاماژەکانی ڕێبەری گەشەپێدانی مرۆیی




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: (Alkireand Santos٢٠١٠)

ئاماژەکان بەوە دەناسرێن کە ئامرازێکن پوختەی دۆخیکی دیاریکراو ئاشکرا دەکەن بە شێوەیەکی چەندی یا جۆری. بەڵام ڕێبەرەکان بریتین لە پێوانەییکی ئاویتە یان کۆکراوەی ژمارەیەك ئاماژەی هەڵبژێردراو کە لە ڕێگای ئامارەوە بەیەك دەبەسترێن, ئەمەش بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخیك یان دیاردیەك بۆ هەمان مەبەستی ئاماژەکان کە بۆی بەکاردەهێنرێت بەڵام بەشێوەیەکی واقیعی ترو گشتگیرتر (غنیم, ١٩٩٥). پێوانی ئاستی گەشەپێدان لە هەر ناوچەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی وەکو هەڵسەنگاندنی قۆناغەکانی, دیاریکردنی ئاستەنگەکانی و بەراوردکردنی ڕادەی گەشەپێدان لە نێوان ناوچە جیاوازەکانی, سەرەڕای بەدەستهێنانی ئاماژەو ڕێبەری نوێی گەشەپێدان کە لە کاتە جیاوازەکاندا بەدەست دەهێنرێ.

وەکو لەمەو پێش ئاماژەی پێکرا, ئامرازەکانی پێوانەکردنی گەشەپێدان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە بە شێوەیەکی بەردەوام, لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی تێگەیشتنی گەشەپێدان وناوەڕۆکەکەی. پێوەری شیکاری فاکتەر Factor Analysis کە *بێری* دۆزیەوە, گرنگترین پێوەرە کە بەهۆیەوە لێکدانەوەی پەیوەندیەکانی شوێنی و دیاریکردنی هۆکارەکانی کاریگەر (بەهێز یا لاواز) دەردەخات لە هەر شوێنێك یان هەرێمێك (العانی,٢٠١١, ص٧٣). ئەمە جگە لەوەی ئەم پێوەرە ڕۆشنایی دەخاتە سەر هۆکارەکانی بەرەوپێشچوونی هەر هەرێمیك بەشێوەیەکی خێراتر لە وانی ترو فاکتەرە پاڵنەرەکانی کە وای لێدەکات ببێتە جەمسەرێکی جیاوازو چالاکی جوراوجۆر بۆ خۆی ڕابکێشی.

چەندین هەوڵدرا لەم ساڵانەی دواییدا بۆ بەرجەستەکردنی پێوەرو ئاماژەی تر بۆ گەشەپێدان, ئەمەش لەبەر پەککەوتنی ئاماژە تەقلیدیەکان بۆ پێوانەکردنی, وەك دەرهاویشتەی نیشتمانی گشتی GDP. یەکی لەم هەوڵانە ئەوەیە کە هەردوو توێژەر *هیکس و ستریتن* پێشنیازیانکرد ناسراوە بە پێوەری بەرجستەیی بۆ جۆرەکانی ژیان. ئەمەش پێوەریکی بەرجستەی ئاوێتەیە کە پشت دەبەستێ بە ئاماژەی نا ڕەخنەیی بۆ ڕووە جیاوازەکانی گەشەپێدان لە ڕێگەی ژمارەیەك لە ئاماژەکان کە پوختەی ڕووەکانی خۆشگوزەرانی و جۆرەکانی

ژیانە و ئەم پێوەرە جەخت لەسەر تێرکردنی پێداویستیە سەرەکیەکان دەکاتەوە لە چوارچێوەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی (Hickes & Streeten ١٩٧٩). یەکێك لە نوێترین هەوڵدان لەو بارەوە کە لە ساڵی ٢٠١٠ ئەنجام دراوە, توێژینەوەی هەردوو لێکۆڵەوەران *سابینا ئەلکیر* و *ماریا سانتوس* ( Alkire & Santos, ٢٠١٠) هەوڵیاندا لە ڕێگەی شیکردنەوەی داتای ١٠٤ وڵاتی تازەگەشەسەندوو (کە نزیکەی لە ٧٨٪ ی دانیشتوانی جیهانی لە خۆ گرتووە) ئەندیکسیکی نوێ بۆ پێوانەکردنی ڕادەی هەژاری دیاری بکەن لە ڕێگەی بەکارهێنانی Multidimensional Poverty Index (MPI). بڕوانە شێوەی (٣).

شێوەی (٣) ڕێبەری فرە ڕەهەندی هەژاری




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: (Alkireand Santos٢٠١٠)

لە لایەکی ترەوە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ڕێگەی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی, چەندین هەوڵیدا بۆ هێنانەدی پێوەرێکی گونجاو بۆ گەشەپێدان لەوانەش, ئاستی بژێوی نەتەوەیی کە پێك دێت لە سێ لایەن:

**یەکەم**: پێداویستیە سەرەکیەکانی بەرجەستە کە (خۆراك- شوێنی حەوانەوە - تەندروستی)دەنوێنێت.

**دووەم**: پێداویستیە سەرەکیە مەعنەویەکان دەنوێنێت کە ئەمانەن (فێرکردن- چێژوەرگرتن لە کاتی بەتالیدا- ئاسایش).

**سێیەم**: ئەمەش ئەو پێداویستیانە دەنوێنێت کە پێی دەڵێن باڵاکان کە پێداویستیە سەرەکیەکان تێدەپەڕێنیت (داهاتی زیادە).

هەر هەمان پەیمانگا هەوڵیدا پێوەرێکی تر بۆ گەشەپێدان دارێژێ کە ناونرا (ئاماژەی گشتی گەشەپێدان) ئەمەش پێوەرێکی تێکەڵ بوو لە هەژدە ئاماژەی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرەکی کە هەڵدەبژێردرێ لە وڵاتانی پێشکەوتوو پەرەسێنەکان. پرۆگرامی گەشەکردنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتیکدا ئاماژەی بە پێوەریکی تری گەشەپێدان کرد بە ناوی (ڕێبەری گەشەپێدانی مرۆیی). بۆ ئەوەی ببێتە پێوەرێکی ئاویتە بۆ ڕادەی خۆشگوزەرانی دانیشتوان و بۆ دیاریکردنی ڕیزبەندی وڵاتان و هەرێمەکان لەڕوی ئاستی

گەشەپێدانەوە. ڕاپۆرتەكە گەشەپێدانی مرۆیی واناساند كە فراوانكردنی هەڵبژاردەكانە بۆ دانیشتوان كە گرنگترینیان (ژیانێكی درێژخایەنی بێ نەخۆشی/ تەندروستی, وەرگرتنی زانیاری/ خوێندن, ژیانێكی ئاسوودە/زیادبوونی داهات). لەگەڵ زۆری پێوەرەكانی گەشەپێدان و جۆراوجۆریان و جیاوازیان لە ڕووی چەمك و گرنگیەوە هەر توێژەریك ڕێگەیەكی تایبەتی هەیە بۆ هەڵبژاردنی كە بە گونجاوی دەبینێ لەگەڵ سرووشتی لێكۆلینەوەكەی (العیسوی, ٢٠٠١).

**تەوەرەی دووەم: تایبەتمەندیەكانی گەشەپێدانی شوێنی و پێوەری پێشنیاركراو**

**١. تایبەتمەندیەكانی گەشەپێدانی شوێنی لە هەرێمی كوردستانی عێراق**

سەرەڕای جەختكردنەوەی پلانەكانی گەشەپێدانی نەتەوەیی لە عێراق لە حەفتاكانی سەدەی ڕابردووەوە لەسەر بایەخدان بە ڕەهەندی شوێنی گەشەپێدان لە ڕێگای دابەشكردنی چالاكیە ئابووریەكان و دانیشتوان, بەلام لە ڕاستیدا ئەم دوو ڕەگەزە زیاتر چڕبوونەوە لە بەشێكی دیاریكراوی پارێزگاكانی وسەنتەرە شارنشینە گەورەكانی. لە ئەنجامدا هەندێك پارێزگا بوونە ناوندێكی راكێش بۆ كۆچبەران بە هۆی كەڵەكەبوونی وەبەرهێنانی تیاندا. ئەم شێوازە لە گەشەپێدان ڕەنگدانەوەی نەرێنی جێ هێشت لەسەر شێوازی دابەش بوونی دانیشتوان, چونكە ئەو شوێنانەی كە دانیشتون رادەكێشن بۆخۆیان هەمان ئەو ناوچانەن كە گەشەپێدان و پێشكەوتنی تیدا بەدی دەكرێ و پەیوەندیەكی نەپچڕاوەی لەنێوان گەشەپێدانی ئابووری و ئاستی شارنشینی هینایە كایەوە (Ismael& Ibrahim Ngah, ٢٠١٠).

سەنتەرەكانی شارنشینی لە هەرێمی كوردستان وەكو سەرجەم شارەكانی تری عێراق و جیهان، لەئاكامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گەشەی شارنشینی شارەكان ڕووبەڕووی دیاردەی زیادبوونی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەرەكانیان بوونەتەوە, ئەمەش وایكردووە كە دیاردەی شارنشینی بەردەوام لە هەڵكشان دابی(الجنابي, ١٩٨٧). شێوەی (٤) كە ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی لە هەرێمی كوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٠٧ دەخاتە ڕوو ئەم ڕاستییە پشتراست دەكاتەوە.

**شێوەی (٤) ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی لە هەرێمی كوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧-٢٠٠٧**




| | 1957 | 1987 | 2007 |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 26.8 | 77.3 | 81.6 |
| سلێمانی | 26 | 71 | 78.8 |
| دهۆك | 7.2 | 74.6 | 72.4 |

**سەرچاوە:** ١)الحكومە العراقیە, نتائج احصاوات السكان لعام ١٩٥٧ ولعام ١٩٨٧ (المحافقات المعنیە)

٢)Results of IHSES, ٢٠٠٦/٢٠٠٧, and ration book details (٢٠٠٧)

له سەیرکردنی شێوەی ڕابردوو, بۆمان دەردەکەوێت کەوا ڕێژەی شارنشینانی پارێزگای هەولێر له ساڵی (٢٠٠٧) دا نزیکەی (٨٢٪)ی کۆی دانیشتوانیان پێکهێناوه ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزه بە بەراورد له گەڵ ساڵانی دیکەی لێکۆڵینەوە لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ماوەی ساڵی (١٩٥٧) دا نزیکەی تەنها (٢٧٪) بووە. هەروەها ڕێژەی شارنشینانی پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆکیش هەڵکشانیکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوەو لە ساڵی (٢٠٠٧) داو نزیکەی (٧٩٪) و (٧٢٪) ی کۆی دانیشتوانیان پێکهێناوە بۆ هەر یەکیان, لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە لە ماوەی ساڵی (١٩٥٧) دا تەنها (٢٦٪) لە سلێمانی و (٧٪) بووە لە دهۆك. ئەمەو سەبارەت بە ڕێژەی دانیشتوانی سەنتەری پارێزگاکان لە کۆی گشتی دانیشتوانی شارنشینی هەر پارێزگایەك, شاری هەولێر بەرزترین ڕێژەی تۆمارکردوو نزیکەی لە (٥١٪) دانیشتوانی شارنشینی لە سەنتەر کۆبوونەتەوە. هەر یەك لە پارێزگاکانی سلێمانی و دهۆکیش نزیکەی لە (٢٦٪) و(٣٣٪) دانیشتوانی شارنشینی لە سەنتەر کۆبوونەتەوە بۆ هەر یەکیان بەدوای یەکدا. شێوەی ژمارە (٥).

شێوەی (٥) ڕێژەی دانیشتوان لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ٢٠٠٧




**سەرچاوە:** حکومەتی هەرێمی کوردستان, وەزارەتی پلان دانان, پلانی گەشەپێدانی ستراتیجی هەرێمی کوردستان (٢٠١٣-٢٠١٧), هەولێر, ٢٠١٢, لا٥٥.

هەڵکشانی بەرچاوی ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینی لە سەنتەری شاری هەولێر بە بەراورد لەگەڵ پارێزگاکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاری هەولێر پایتەختی هەرێمە و زۆریك لە دامودەزگا حکومی و کارگێڕی و وەزیفیەکانیی تێدا کۆبووەتەوە. هەروەها لە چاو بەشەکانی دیکەی پارێزگاکەش بارودۆخی سەقامگیرتر و هێورتر بووە و ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەش کە لەم ماوەیە لە ناوچەکەدا ڕوویانداوە زیاتر هاندەری بەرزبوونەوەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانەکەی بووە.

ئەم دۆخەش کاریگەری تەواوی بەسەر شێوازی گەشەپێدانی شوێنی لە هەرێمی کوردستان هەبووە وایکردووە کە چالاکیە ئابووریەکان و دانیشتوان زیاتر لێرەدا چڕبیتەوە بە بەراورد لەگەڵ سلێمانی و دهۆك.

بە تێروانینی شێوەی ژمارە (٦) دا کە ڕێژەی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٨ دەخاتە ڕوو ئەم ڕاستیە زیاتر ئاشکرا دەبێت. بە جۆریك پارێزگای هەولێر زیاترله (٤٨٪)ی کۆی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی پێکهێناوە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە بە بەراورد لە گەڵ پارێزگاکانی تر.

**شێوەی (٦) ڕێژەی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**

**لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦-٢٠٠٨**




**سەرچاوە:**

Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Regional Development Strategy for Kurdistan Region ٢٠١٢-٢٠١٦, Erbil, ٢٠١١, P ٨٦.

بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی و گرنگی نەدان بە ڕەهەندی شوێنی لە پلانەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی و سیاسەتی کەڵەکەکردنی تەرخانکراوەکانی وەبەرهێنان لە ناوەندەکانی شارنشینی گەورە بە تایبەتی پایتەخت, بووە هۆی قووڵکردنەوەی جووڵەی دانیشتوانی ناوەخۆ و کۆچکردنیان لە دێهاتەوە بۆ شارە گەورەکان (اسماعیل, ٢٠١٤). ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە دابەشبوونێکی نارێك لە دانیشتوان دروست ببی و ببیتە هۆی تێکچوونی پلە بەندی شارنشینی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەتا لەسەر ئاستی یەك پارێزگادا. بۆ نموونە قەبارەی دانیشتوانی سەنتەرەکانی شارنشینی پارێزگای هەولێر لەگەڵ ئەوبنەما و پێوەرانەدا ناگونجێ کە لەلایەن زیفەوە سەبارەت بەپلە و قەبارەی دانیشتوانی سەنتەرەکانی شارنشینیدا داهێندراوە، چونکە نەقەبارەی دانیشتوانی شاری دووەم یەکسان دەبێت بە(٢/١)ی شاری یەکەم و نەشاری سێیەم (٣/١)ی کۆی شاری یەکەمە. هەروەها هەردوو هێڵی راستەقینەو نموونەیی دابەشبوونی سەنتەرەکانی شارنشینی لەیەکترەوە دوورن و شاری هەولێر وەکو شا شار یا وەکو گەورەترین شار بەرچاودەکەوێ و تێبینی لارییەکی توند یان دەلاقەیەکی گەورە لەنێوان شاری یەکەم ودووەم لەرووی قەبارەوە دەکرێ، کەچی ئەو لارییە لەنێوان سەنتەرەکانی تری شارنشینی دا تا دێت کەمتر دەبێتەوە, بڕوانە شێوەی ژمارە (٧).

هەروەها لەهەمان شێوە دەردەکەوێ ژمارەی سەنتەرەکانی قەبارە مام ناوەند زۆر کەمترە بەبەراورد لەگەڵ سەنتەرە قەبارە بچووکەکان، ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازیی گەشەی شارنشینیە لەهەریەك لە سەنتەرەکانی شارنشینی وێرای بایەخ نەدان بەهەندێ لەو سەنتەرانە لەبوارەکانی ئابووری وخزمەتگوزاری لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، سەرباری شێوازی کۆچکردن لەپارێزگای هەولێر کە شێوازی یەك قۆناغییە. بەو واتایەی دانیشتوان ڕاستەوخۆ لە گوندەکانەوە کۆچ بەرەو گەورەترین سەنتەری شارنشینی دەکەن. لە کۆتایی ئەم باسەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئاراستەکانی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر ئاماژە بەچڕبوونەوەی دانیشتوان لە شارە گەورەکان لە سەر حیسابی سەنتەرە قەبارە بچووکەکانی شارنشینی و گوندەکان دەکەن, ئەم دۆخەش تا ڕادەیەکی زۆر هاوتایە لەگەڵ پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان.

**شێوەی (٧) پەیوەندی نێوان پلەو قەبارەی دانیشتوانی راستەقینەو نموونەیی سەنتەرەکانی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر (٢٠٠٤)**




**سەرچاوە: (شوانی,٢٠٠٧, لا ٩٨)**

### ٢. پێوەری پێشنیارکراو بۆ دەرخستنی پلەی گەشەپێدان (لەسەر ئاستی پارێزگاکان)

بە مەبەستی زانینی دۆخی گەشەپێدانی شوێنی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان, پشت بەستراوە بە چەند ئاماژەیەکی گەشەپێدانی دیاریکراوو بۆ بەدەرخستنی جیاوازیەکانی گەشەپێدان لەنێوانیاندا, کە ئەمانەن:-

١-هێزی کار(١٥-٦٤) ساڵ

٢-تێکرای چالاکی ئابووری*

٣-تێکرای بێکاری**

٤-رێژەی منداڵی کارکەر(٦-١٤)ساڵ

٥-ژمارەی کارگەی پیشەسازی (بچووک و مام ناوەند)

٦-رێژەی بەخێوکاری***

٧-تێکرای ژمارەی پزیشك بۆ هەر ١٠٠٠٠هەزار لە دانیشتوان

٨-تێکرای مردنی منداڵی ساوا بۆ هەر ١٠٠٠ لە دایك بوێك

---

* تێکرای چالاکی ئابووری- (دانیشتوانی چالاك لە ئابووری لە تەمەنی 15 ساڵ وە زیاتر ÷ ژمارەی دانیشتوانی گشتی) 100x

** تێکرای بێکاری- (ژمارەی بێکارەکان لە تەمەنی 15 زیاتر ÷ دانیشتوانی چالاکی ئابووری لە تەمەنی 15 ساڵ زیاتر) 100 x

*** رێژەی بەخێوکاری (الاعالە) - (دانیشتوان لەتەمەنی(0-14) + (65)زیاتر ÷ دانیشتوانی لە تەمەنی(15-64 )ساڵ) 100x

**٩-تێکڕای قوتابی وازهێن لە وەرگیراوەکان(ناونوسکراوەکان) لە خوێندنی سەرەتای**

**١٠-پشکی تاکەکەس لە ئاوی پاك (گاڵۆن/ ڕۆژ/کەس)**

**ئەو ئاماژانەش بۆ دوو جۆر پۆلینکراوە بە جۆریك کەئاماژە ئابووریەکان لە (یەکەم تاکو پێنجەم) دەگریتەوەو ئاماژە کۆمەلأیەتیەکان لە (شەشەم تاکو دەیەم) دەگریتەوە, بە مەبەستی دیارخستنی بارودۆخی گەشەپێدانی شوێنی هەرێمی کوردستان, خشتەی ژمارە (١) دۆخی ئاماژەکانی گەشەپێدان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێم دەخاتە ڕوو.**

**خشتەی (١)**

**دۆخی ئاماژەکانی گەشەپێدان لە هەرێمی کوردستان (٪)**

| پارێزگا | هێزی کار ١٥-٦٤ساڵ | تێکڕای چالأکی ئابووری | تێکرای بێکاری | ڕێژەی منداڵی کارکەر (٦-١٤)ساڵ | ڕێژەی کارگە پیشەسازی (بچووك مام ناوەند) | ڕێژی بەخێو کردن | تێکڕای پزیشك بۆ هەر ١٠٠٠٠ | تێکڕای مردنی منداڵ بۆ هەر ١٠٠٠ | تێکڕای قوتابی وازهێنراو لە قوتابخانەی سەرەتایی | پشکی کەس لە ئاوی پاك |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | ٥٤,٤ | ٣٨,٩ | ١٦,٩ | ١,٤ | ١,٩ | ٨٣,٤ | ٦,٤ | ١٩,٨ | ٦,٣ | ١٠٧,٩ |
| سلێمانی | ٥٨,٢ | ٤٤,٩ | ١١,٨ | ٣,٨ | ٩,٤ | ٦٠,٩ | ١٧,١ | ١٥,٩ | ٤,٥ | ١٠٨,٧ |
| هەولێر | ٥٧,٢ | ٤٣,٦ | ١٣,٧ | ٣,١ | ٥,٣ | ٦٨,٠ | ١٦,٦ | ١٢,٧ | ٣,٢ | ١٦١,٢ |

**سەرچاوە:حکومەتی هەرێمی کوردستان, وزارەتی پلان دانان, دەستەی ئامار, ئاماری فەرمی ساڵی ٢٠٠٨/٢٠٠٩.**

**بەسەیرکردنی خشتەی ژمارە (٢) ڕیزبەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ئاماژەکانی گەشەپێدانی خشتەی ڕابردوو بەرچاوو دەکەوێ, کە دوو جۆرە:**

**یەکەم: ئاماژەکانی کە کاریگەری ئەرێنیە, بریتین لە (یەکەم-دووەم-پێنجەم-حەوتەم-دەیەم). ئەو پارێزگایەی گەیشتووتە بەرزترین ڕێژە پلەی یەکەم وەردەگرێ و ئەو پارێزگایەشی کەمترین ڕێژەی هەیە پلەی کۆتای وەردەگرێ.**

**دووەم: ئاماژەکانی کە کاریگەری نەرێنییە, بریتین لە (سێیەم-چوارەم-شەشەم-هەشتەم-نۆیەم). لێرەدا بارودۆخەکە پێچەوانەیە بە بەراورد لەگەڵ ئاماژە ئەرێنیەکان, بە واتای هەر پارێزگایەك پلەی یەکەمی وەرگرتبی لێرەدا, ئەوە دەگەینی کە کەمترین ڕێژەی هەیەو هەر پارێزگایەکیش پلەی کۆتای وەرگرتبی ئەوە دەگەینی کە بەرزترین ڕێژەی هەیە.**

خشتەی ژمارە (٢)

ڕێزبەندی پارێزگاکان بە گوێرەی ئاماژەکانی گەشەپێدان

| پارێزگا | هێزی کار ١٥-٦٤ ساڵ | تێکڕای چالاکی ئابووری | تێکڕای بێکاری | ڕێژەی منداڵی کارکەر(٦-١٤)ساڵ | ژمارەی کارگەی پیشەسازی (بچووک مام ناوەند) | ڕێژی بەخێوکردن | تێکڕای پزیشک بۆ هەر ١٠٠٠٠ | تێکڕای مردنی منداڵ بۆ هەر ١٠٠٠ | تێکڕای قوتابی وازهێنراو لە قوتابخانە سەرەتای | پشکی کەس لە ئاوی پاک |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک | ٣ | ٣ | ٣ | ١ | ٣ | ٣ | ٣ | ٣ | ٣ | ٣ |
| سلێمانی | ١ | ١ | ١ | ٣ | ١ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ |
| هەولێر | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ١ | ١ | ١ |

ئەگەر سەیری خشتەی (٢) بکەین دەبینین جیاوازی هەیە لە ڕێزبەندی ئەو ئاماژانەی پشتمان پێ بەستووە بۆ شیکردنەوەی دۆخی گەشەپێدان لە نێوان پارێزگاکاندا. بۆ نموونە پارێزگای هەولێر پلەی یەکەمی وەرگرتووە لە ئاماژەی پێنجەم (ژمارەی کارگەکانی پیشەسازی بچووك و مام ناوەند) و هەشتەم (تێکڕای مردنی منداڵی ساوا بۆ هەر ١٠٠٠ لە دایك بوێك) ونۆییەم (تێکڕای قوتابی وازهێنراوو) و دەیەم (پشکی تاك لە ئاوی پاك). بەلاَم پارێزگای دهۆك لەم ئاماژانە پلەی سێیەمی وەرگرتووە.

هەمان دۆخی لێك نەچوون تێبینی دەکری گەر بەراوردکاری بکرێ لەگەڵ پارێزگای سلێمانی, بۆیە لێرەدا و پشت بەست بە چەند پێوەرێکی گەشەپێدانی جیاواز هەوڵدەدەین دۆخی بەرچاووی گەشەپێدانی شوێنی هەر پارێزگایەك بخەینەڕوو و ڕێزبەندی لە نێوان پارێزگاکانی تر دەستنیشان بکەین بە گوێرەی ئەو ئاماژانەی باسکرا.

## ١- پێوەری پلەی گەشەپێدان Development Degree

ئەم پێوەرە پشت دەبەستێت بە ڕێزبەندی پارێزگاکان پاڵپشت بەو ئاماژانەی کە لە خشتەی ژمارە (١) دا خراونەتە ڕوو. بە گوێرەی ئەم پێوەرە پارێزگاکان دابەش دەکرینە سەر سێ ئاستی گەشەپێدان بە گوێرەی ڕێزبەندی گەشەپێدان بۆ هەر ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی وەك ئەوەی خوارەوە:

١-پارێزگای توێژی گەشەپێدان یەکەم - پلەی (١) دەدرێتی

٢-پارێزگای توێژی گەشەپێدان دووەم - پلەی (٢) دەدرێتی

٣- پارێزگای توێژی گەشەپێدان سێیەم - پلەی(٣) دەدرێتی

ئەمەی باسکرا گونجاوبوو لەگەڵ ئاماژەکانی کاریگەری ئەرێنی, بارەکە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو ئاماژانەی کە کاریگەری نەرینیان هەیە و بەم شێوە دەبێ:

١- پارێزگای توێژی گەشەپێدان یەکەم - پلەی (٣) دەدرێتی

٢-پارێزگاکانی توێژی گەشەپێدان دووەم - پلەی(٢) دەدرێتی

٣-پارێزگاکانی توێژی گەشەپێدان سێیەم- پلەی(١) دەدرێت

بەجێبەجێکردنی ئەم دابەشکردنەی پیشووتر لەسەر پارێزگاکانی هەرێم و بەخشینی هەر پارێزگایەك بەو پلەی تایبەتە بە ڕیزبەندیەکەی بە گوێرەی هەر ئاماژەیەك لەو ئاماژانەی پشتی پێ بەستراوە لەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە خشتەی ژمارە (٣) خراوەتە ڕوو.

خشتەی (٣)

پلەکانی ئاماژەکانی گەشەپێدان (کاریگەری ئەرینی و نەرینی) بە گوێرەی پارێزگاکانی هەرێم

| پارێزگا | هێزی کار ١٥-٦٤ ساڵ | | تێکرای چالاکی ئابووری | | تێکرای بێکاری | | ڕێژەی منداڵی کارکەر(٦-١٤ساڵ) | | ژمارەی کارگەی پیشەسازی (بچووك) مام ناوەند) | | ڕێژی بەخێوکردن | | تێکرای پزیشك بۆ هەر ١٠٠٠٠ | | تێکرای مردنی منداڵ بۆ هەر ١٠٠٠ | | تێکرای قوتابی وازهێنراو لە قوتابخانە سەرەتای | | پشکی کەس لە ئاوی پاك | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ر | پ | ر | پ | ر | پ | ر | پ | ر | پ | ر | پ | ر | پ | ر | پ | ر | پ | ر | پ |
| دهۆك | ٣ | ٣ | ٣ | ٣ | ٣ | ١ | ١ | ٣ | ٣ | ٣ | ٣ | ١ | ٣ | ٣ | ٣ | ١ | ٣ | ١ | ٣ | ٣ |
| سلێمانی | ١ | ١ | ١ | ١ | ١ | ٣ | ٣ | ١ | ١ | ١ | ١ | ٣ | ١ | ١ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ |
| هەولێر | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ٢ | ١ | ٣ | ١ | ٣ | ١ | ١ |

ر: ڕیزبەندی پ: پلە

لێرەدا بە جارانکردنی ڕیزبەندی هەر ئاماژەیەك بەو پلەی بەدەستی هێناوە بۆهەر پارێزگایەك, ڕیزبەندی بەدەست دەهێنین بە گوێرەی پێوەری پلەی گەشەپێدان. بەم شێوەیە ئەو پارێزگایەی کە ڕیزبەندی یەکەم بەدەست دێنی دەبێ خاوەنی کەمترین بەهابیت, لە لایەکی ترەوە ئەو پارێزگایەی کە ڕیزبەندی کۆتایی بەدەست دێنی دەبی خاوەنی بەرزترین بەها بیت. بڕوانە خشتەی (٤).

خشتەی ژمارە (٤)

ڕیزبەندی ئاماژەکانی گەشەپێدان بە گوێرەی پارێزگاکان و بۆ پلەی گەشەپێدان

| پلەی گەشەپێدان | پارێزگا | بەها |
|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ٢٥ |
| ٢ | هەولێر | ٣٥ |
| ٣ | دهۆك | ٦٠ |

به سەیرکردنی خشتەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە پلەی یەکەم لە ڕێزبەندی گەشەپێدان, دوای ئەو پارێزگای هەولێر ئاستی دووەمی بەرکەوتووە و لە کۆتاییدا پارێزگای دهۆك دێت کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە.

## ب-پێوەری ڕێزبەندی گەشەپێدان Development Rank

ئەمەش جۆریکی ترە لە پێوەرەکانی گەشەپێدانی شوێنی لەسەر ئاستی پارێزگاکان و لە ڕێگای کۆکردنەوەی ئەنجامی جارانکردنی ژمارەی دووبارەبوونەوەی ڕێزبەندی پارێزگاکە بۆ هەر ئاماژەیەك لە ئاماژەکانی کە باسکرا لەمەو پێش(بەگوێرەی پۆلێنکردنی ڕێزبەندی سیّانی و پشت بەست بە خشتەی (٢) بە گریمانی ئەوەی بەهای **پلەی یەکەم سێ خاڵ بیت** و بەهای پلەی **دووەم دوو خاڵ بیت** و بەهای **پلەی سێیەم یەك خاڵ** بیت), بە گوێرەی ئەم هاوکێشەی خوارەوە:

$$R=P_١n_١+P_٢n_٢+P_٣n_٣$$

کە:

R =پێوەری پلەی گەشەپێدان

$P_١$=دووبارە بوونەوەی هێمای پلەی یەکەم (کە پلەی یەکەمە)

$P_٢$ =دووبارە بوونەوەی هێمای پلەی دووەم (کە پلەی دووەمە)

$P_٣$ =دووبارە بوونەوەی هێمای پلەی سێیەم (کە پلەی سێیەمە)

n = خاڵی هێمای پلەکە

لێرەدا پاڵپشت بە داتاکانی خشتەی ژمارە (٢) و لە کاتی پراکتیزەکردنی هاوکێشەی پیشووتر پێوەری پلەی گەشەپێدان بۆ هەر پارێزگایەك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەدەست دێنین وەك لە خوارەوە دەبینرێ:

$R_{هەولێر}$ =(٣)(٣)+(٧)(٢)+(٠)(١) =٢٣

$R_{سلێمانی}$ = (٦)(٣)+(٣)(٢)+(١)(١)= ٢٥

$R_{دهۆك}$ = (١)(٣)+(٠)(٢)+(٩)(١)= ١٢

به تێبینی کردنی خشتەی خوارەوە و پاڵپشت بەو ئەنجامەی بەدەستمان کەوت بە گوێرەی پێوەری پلەی گەشەپێدان, بۆمان دەردەکەوێ کە پارێزگای سلێمانی بە هەمان شێوەی پیشووتر دەکەوێتە پلەی یەکەم لە ڕێزبەندی گەشەپێدان, دوای ئەو پارێزگای هەولێر ئاستی دووەمی بەرکەوتووە و لە کۆتاییدا پارێزگای دهۆك دێت کە پلەی سێیەمی وەرگرتووە. ئەوەی جێگای ئاماژەیە لیرەدا ئەوەیە بە گوێرەی ئەم پێوەرە جۆرێك لە گۆڕانکاری بەسەر جیاوازی بەهای پارێزگاکان هاتووە, بەجۆرێك جیاوازی بەهای نێوان پارێزگای هەولێر و پارێزگای سلێمانی لە پێوەری یەکەمدا دە نمرە بووە, لە کاتیکدا و بە گوێرەی پێوەری پلەی گەشەپێدان جیاوازی بەهای نێوان تەنها دوو نمرەیە. هۆکاری ئەمەش دەگرێتەوە بۆ هەمەجۆری ئاماژەکان کە بەکارهاتوون لە لایەك و جیاوازی ڕێگاکانی پێوانەکردنی پلەی گەشەپێدان لە نێوان هەر پێوەریکدا لە لایەکی ترەوە. سەبارەت بە پارێزگای دهۆك ئەوا هەمان جیاوازی زۆری هەیە بە بەراورد لەگەڵ دوو پارێزگاکەی تردا.

**خشتەی ژمارە(٥)**

**پلەی گەشەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بە گوێرەی پێوەری ڕێزبەندی گەشەپێدان**

| پلەی گەشەپێدان | پارێزگا | بەها |
|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ٢٥ |
| ٢ | هەولێر | ٢٣ |
| ٣ | دهۆك | ١٢ |

**ج-پێوەری باری گەشەپێدان Development Status**

**ئەم پێوەرە جۆریكی ترە لە جۆرەكانی پێوانەكردنی شوێنی پلەی گەشەپێدان. ئەم پێوەرەش لە ڕێگای دابەش كردنی كۆی دووبارەبوونەوە پلەی یەكەم لەسەر ژمارەی ئاماژەكانی وەرگیراوو لە پێوانەكە وەردەگیری دواتر جارانی سەد دەكرێ, بە گوێرەی ئەم هاوكێشەیە:**

$$S = \frac{\Sigma p1}{10} \times 100$$

كە:

S: باری گەشەپێدانە

Σp1: كۆی دووبارە بوونەوەی پلەی یەكەم

**بەگەڕانەوە بۆ خشتەی (٢) و جێبەجێكردنی ئەو هاوكێشەی سەرەوە, دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:**

$S_{\text{هەولێر}}$ =٣/١٠X١٠٠ =٣٠

$S_{\text{سلێمانی}}$= ٦/١٠ X١٠٠=٦٠

$S_{\text{دهۆك}}$ = ١/١٠ X١٠٠=١٠

**بە تێبینی كردنی خشتەی ژمارە (٦) و پاڵپشت بەو ئەنجامەی بەدەستمان كەوت بە گوێرەی پێوەری باری گەشەپێدان, بۆمان دەردەكەوێ كە جۆرێك لە گۆڕانكاری زەق لە ڕووی جیاوازی بەهای پارێزگاكان هاتووە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پیشووتر, بەڵام بە شێوەیەكی گشتی ئەنجامەكانی هاوتایە لەگەڵ پێوەرەكانی بەكارهاتوو لەم لێكۆڵینەوەیە. لێرەدا هاوشێوەی پێوەركانی تر پارێزگای سلێمانی هەر لە پلەی یەكەمدایە و پارێزگای هەولێر پلەی دووەمی بەركەوتووە لە ڕووی باری گەشەپێدانەوە بە جیاوازیەكی زۆرەوە. سەبارەت بە پارێزگای دهۆكیش ئەویش بە جیاوازیەكی زەقەوە هەمان ڕێزبەندەكانی پیشووتری خۆی وەرگرتووەو لە پلەی كۆتایی گەشەپێدانە بە گوێرەی پێوەری باری گەشەپێدان.**

خشتەی (٦)

پلەی گەشەپێدانی پارێزگاکانی هەرێم بە گوێرەی پێوەری باری گەشەپێدان

| پلەی گەشەپێدان | پارێزگا | بەها |
|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ٦٠ |
| ٢ | هەولێر | ٣٠ |
| ٣ | دهۆك | ١٠ |

**تەوەری سێیەم: گرنگی پەیڕەوکردنی گەشپێدانیکی شوێنی هاوسەنگ لە هەرێمی کوردستان**

شێوازی گەشەپێدانی پەیرەوکراوو لە هەرێمی کوردستان رەنگدانەوەی نەرێنی جێ هێشتووە لەسەر شێوازی دابەش بوونی دانیشتوان, چونکە ئەو شوێنانەی کە دانیشتون رادەکێشن بۆخۆیان هەمان ئەو ناوچانەن کە گەشەپێدان و پێشکەوتنی تیدا بەدی دەکرێ وپەیوەندیەکی نەپچڕاوەی لەنێوان گەشەپێدانی ئابووری و ئاستی شارنشینی هینایە کایەوە. ئەمەش وایکردووە کە دیاردەی شارنشینی بەردەوام لە هەڵکشان دابی وشارە گەورەکان ببنە سەنتەرێکی گەشەپێدان و پێشکەوتن لەسەر حیسابی شارۆچکەکان و سەنتەرەکانی دێ نشینی. بە گوێرەی ڕاپۆرتیکی وەزارەتی پلان دانانی هەریمی کوردستان, تێکرای گەشەی داهاتی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان هەڵکشانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە, بە جۆریك تێکرای داهاتی نیشتمانی لە چوار تریلیون وسێ سەدوو حەفتاوسێ ملیار دینار لە ساڵی ٢٠٠٣دا بۆ سی تریلیون دووسەدو بیست و چوار ملیار دینار بەرزبووتەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا کە ئەمەش دەکاتە زیادبوون بە ریژەی لە ٥٩١٪ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٣ دا. بڕوانە خشتەی (٧).

خشتەی (٧) گەشەی داهاتی نەتەوەیی و ناوەندی پشکی تاکەکەس بۆ ساڵانی ٢٠٠٣-٢٠٠٨

| ساڵ | داهاتی نەتەوەیی (ملیار دینار) | ناوەندی پشکی تاکەکەس (دینار) |
|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٤,٣٧٣ | ٩٧٦,٧٩٤ |
| ٢٠٠٤ | ٧,٩٧٦ | ١,٧٢٨.٩٣٥ |
| ٢٠٠٥ | ١١,١٨٥ | ٢,٣٥٣.٠٥٨ |
| ٢٠٠٦ | ١٤,٥٢٣ | ٢,٩٢٦.٣٣٩ |
| ٢٠٠٧ | ١٧,٠١٧ | ٣,٣٧٢.٤٣٣ |
| ٢٠٠٨ | ٣٠,٢٢٤ | ٦,٨٣٧.٠٠٠ |

**سەرچاوە:** حکومەتی هەریمی کوردستان, وەزارەتی پلان دانان, ڕەشنووسی پلانی گەشەپێدانی ستراتیجی هەریمی کوردستان ٢٠١٣-٢٠١٧, هەولێر,٢٠١٢, لا ٢٩

زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی لە ساڵانی ڕابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاوو ڕەنگدانەوەی بەسەر ناوەندی پشکی تاکە کەسدا درووستکردووە. ساڵی ٢٠٠٣ ناوەندی پشکی تاکە کەس تەنها ٩٧٦,٧٩٤ هەزار دینار بووە ئەمە لە کاتێکدا ئەم ژمارەیە بۆ ٦,٨٣٧,٠٠٠ ملیون دینار بەرزبووەو لە ساڵی ٢٠٠٨ بە ڕێژەی لە ٦٠٠٪.

بەڵام سەرباری ئەم داهاتە زەبەلاحە, هەرێم بە دەست کێشەی جیاوازی شوێنی گەشەپێدان دەناڵێنێت لەنێوان ناوچەو پارێزگاکانیدا, ئەمەش لە لایەك دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێ خستنی ڕەهەندی شوێنی گەشەپێدان لە ساڵانی ڕابردوو, لە لایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی تەرخانکردنی بودجەی ناوچەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی و تەنها پشت بە ژمارەی دانیشتوانی هەر ناوچەیەك دەبەستێت. ئەمە سەرباری نەبوونی سیاسەتێکی گەشەپێدانی گشتگیر لە سەر ئاستی پارێزگاکان و یەکە ئیدارییەکان. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیەش, گەر پارەی تەرخانکراوو بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە لایەن حکومەتەوە بە گوێرەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣ بخەینە ڕوو, دەبینین کە پارێزگای هەولێر زیاتر لە ٤٠٪ کۆی گشتی ئەو پارەیەی بەرکەووتووەو پارێزگای سلێمانیش نزیکەی لە ٤٠٪ بەرکەووتووە بۆ هەردوو ساڵدا. ئەمە لە کاتێکدا پارێزگای دهۆك کەمترین ڕێژەی بەرکەوتووە کە تەنها ١٨٪ بووە لە ساڵی ٢٠١٢و ١٩.٧٪ بووە لە ٢٠١٣دا. بڕوانە شێوەی (٨).

شێوەی (٨) پارەی تەرخانکراوو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٣




سەرچاوە: حکومەتی هەریمی کوردستان, وەزارەتی پلان دانان, پلانی گەشەپێدان بۆ هەریمی کوردستان ٢٠١٥-٢٠١٩, هەولێر,٢٠١٤, لا ٣٦

بارودۆخی ناوچەکە بە گشتی و گرنگی نەدان بە ڕەهەندی شوێنی لە پلانەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی و سیاسەتی کەڵەکە کردنی تەرخانکراوەکانی وەبەرهێنان لە ناوەندەکانی شارنشینی گەورە بە تایبەتی پایتەخت, بووە هۆی قووڵکردنەوەی جووڵەی دانیشتوانی ناوەخۆ و کۆچکردنیان لە دێهاتەوە بۆ شارە گەورەکان. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە دابەشبوونێکی ناڕێك لە دانیشتوان دروست ببی و ببیتە هۆی تێکچوونی پلە بەندی شارنشینی لە سەر ئاستی پارێزگاکان و هەتا لەسەر ئاستی یەك پارێزگاشدا. لێرەدا ئەوە ماوە بڵێین کە دابەشبوونی هەرێمی ناهاوسەنگ بۆ وەبەرهێنانەکان بێ گومان دەبێت مایەی جیاوازی لە ئاستی داهات لە نیوان

ناوچەکانداو گرفتی نیشتەجێبوون وقەرەباڵغی دانیشوان وفشار خستنە سەر ژێرخانی ئابووری لە شارەکان و سەنتەرە پێشەسازیەکانی لێ دەکەویتەوە, کە لە ئەنجامدا کۆمەڵێك گرفتی کۆمەلأیەتی دیتە ئاراوە وەکو(بێکاری, بلأوبوونەوەی تاوانکاری, خراپ بوونی رەوشی تەندروستی و رۆشنبیری وهتد...). بۆیە پێمان گرنگە لێرەدا پەیرەوی پلانێکی گەشەپێدانی هەرێمی هاوسەنگ بکری بۆ دەستەبەر کردنی گەشەپێدانێکی گشتگیری ئابووری وکۆمەلأیەتی لەسەر ئاستی ناوچەکان وپارێزگاکاندا بۆ پتەو کردنی یەکرێزی نیشتمانی لە ولأتەکەماندا.

پاڵپشت بەوەی ووترا, نەهیشتنی جیاوازی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی گەشەپێدانەوە پیویستی بەوە هەیە کە ڕیکاری کاراتر بۆ تەرخانکراوە داراییەکان بدۆزرێتەوەو پەیرەو بکری لە پاڵ ژمارەی دانیشتوان. چونکە ئامانجی سەرەکی دارشتنی بودجەی گشتی دەوڵەت بریتیە لە هێنانەدی گەشەپێدانی گشتگرو تەواوکار بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە. بۆیەو بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە دەبێ پێوەرەکانی گەشەپێدان بکرێتە بنەما بۆ دەرخستنی پیداویستی هەر ناوچەیەك و پارێزگایەك و لە ژێر رۆشنایی ئەودا تەرخانکراوە داراییەکان دابەشکرین.

**تەوەری چوارەم: ئەنجام و ڕاسپاردەکان**

لەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدرا چەمکی گەشەپێدان و پێوەرکانی بخریتە بەر باس و لێکۆڵینەوە, ئەمەش بە مەبەستی پراکتیزەکردنی بە سەر هەرێمی کوردستان و خستنە ڕووی جیاوازی شوێنی گەشەپێدان لەنێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی دۆخی گەشەپێدان لە هەر پارێزگایەك و ڕادەی جیاوازی نێوانیاندا. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون لەم توێژینەوەیە بریتین لە:

١. چەمکی گەشەپێدان یەکیکە لەو چەمکە دەگمەنانەی کە هەردوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیکی لە خۆ دەگرێ و ئاماژەیەکە بۆ نەهیشتنی بەربەستەکانی بەرەوپێشچوونی شوێنی و چاکتر بەکارهێنانی توانستەکانی (الامکانات) بە مەبەستی بەدیهێنانی گەشەیەکی ئابووری هاوسەنگ و گونجاوو لەگەڵ بونیاتی ئابووری وڵات.

٢. گەشەپێدان پرۆسەیەکە کە گوزارشت لە گواستنەوە دەکات لە دۆخی ئیستا بۆ دۆخیکی ئابووری, کۆمەڵایەتی, ژینگەیی و ئاوەدانی چاکتر, بەم شێوەیەش گەشەپێدان پرۆسەیەکی ئاڵۆزو فرە ڕەهەندەو کۆمەڵە هەنگاوێکی ستراتیجی هوشیار لەخۆدەگرێ لە پاڵ چەندین پرۆسەی ئامانجداری هەنوکەیی و دوور مەودا.

٣. بە رەچاوکردنی هەموو ئەو گۆرانکاریانەی روویداوە بەسەر چەمکی گەشەپێدان, دەکرێ بڵیین پێوەرەکانی گەشەپێدان و ئاماژەکانی جیاوازن بە گوێرەی جیاوازی ئامانجەکانی گەشەپێدان و تایبەتمەندیەکانی (ئابووری, کۆمەڵایەتی یا چەندی وجۆری). بۆیە ئەمڕوکە شتێکی باوە کە ئاماژەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە (ئابووری- کۆمەڵایەتی-ئاماژەکانی پێویستیە بنەرەتیەکان یا ئاماژەکانی خۆش گوزەرانی و جۆرەکانی ژیان) بەکاربهێنری بۆ دەرخستنی ئاستی گەشەپێدان لە هەر ناوچەیەك.

٤. سەنتەرەکانی شارنشینی لە هەرێمی کوردستان وەکو سەرجەم شارەکانی تری عێراق، لەئاکامی بەرزبوونەوەی رێژەی گەشەی شارنشینی شارەکان ڕووبەڕووی دیاردەی زیادبوونی دانیشتوان و فراوانبوونی ڕووبەرەکانیان بوونەتەوە. گومانیشی تیدا نیە کە ئەو شوێنانەی دانیشتون رادەکێشن بۆخۆیان هەمان ئەو ناوچانەن کە گەشەپێدان و پێشکەوتنی تیدا بەدی دەکرێ و پەیوەندیەکی نەپچڕاوەی لەنێوان گەشەپێدانی ئابووری و ئاستی شارنشینی هینایە کایەوە.

٥. بەردەوامبوونی چڕبوونەوەی پیشەسازی لە هەندێك لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دۆخێکی ناهاوسەنگی هیناوەتە دی بە جۆریك پارێزگای هەولێر زیاترلە (٤٨٪) ی کۆی وەبەرهێنان لە کەرتی پیشەسازی بەرکەوتووە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٦ - ٢٠٠٨. کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر بەرزە بە بەراورد لە گەڵ پارێزگاکانی تر.

٦. بە مەبەستی زانینی دۆخی گەشەپێدانی شوێنی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی, پشت بەستراوە بە چەند ئاماژەیەکی گەشەپێدانی ئابووری - کۆمەڵایەتی دیاریکراوو کە ژمارەیان دە ئاماژەیە, بۆ بەدەرخستنی جیاوازیەکانی گەشەپێدان لەنێوانیانداو پاڵپشت بە بەکارهێنانی سێ پێوەری سەرکی کە بریتی بوو لە پێوەرەکانی پلەی گەشەپێدان, ڕیزبەندی گەشەپێدان و باری گەشەپێدان.

٧. دوای پراکتیزەکردنی پێوەرە جیاکانی گەشەپێدان لەسەر ناوچەی لێکۆڵینەوە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە جیاوازی بەرچاوو هەیە لە نیوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ڕیزبەندی گەشەپێدانەوە بە

جۆريك پارێزگای سلێمانی لە هەر سێ پێوەرەدا ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرت, بە پێچەوانەوەش پارێزگای دهۆك ڕیزبەندی کۆتایی هەبوو.

بە مەبەستی هێنانەدی هاوسەنگی لە پرۆسەی گەشەپێدان و وەگەڕخستنی سەرجەم توانستە سروشتی و مرۆییەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێویستی دەزانین، کە ئەم چەند پێشنیازانە بخەینە ڕوو:

١. وەك ئاشکرایە لای هەمووان کە ئامانجی سەرەکی دارشتنی بودجەی گشتی وڵات بریتیە لە هێنانەدی گەشەپێدانی گشتگرو تەواوکار بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە. بۆیە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە دەبێ پێوەرەکانی گەشەپێدان وئامازەکانی بکرێتە بنەما بۆ دەرخستنی پیداویستی هەر ناوچەیەك و پارێزگایەك و لە ژێر رۆشنایی ئەودا تەرخانکراوە داراییەکان دابەشکرین و تەنها پشت نەبەستری بە ژمارەی دانیشتوان.

٢. پەیرەوکردنی بنەمای پسپۆری و فرەجۆری (التنوع) لەکاتی گەشەپێدانی ناوچەو پارێزگاکاندا بە گویرەی توانستی پیشەسازی و کشتوکاڵی و خزمەتگوزاری, ڕۆلیکی گرنگ دەگێری لە هێنانە دی تەواوکاری لە نێوان ناوچەکانداو جموجۆڵی بازرگانی کاراتر دەکات.

٣. چەسپاندنی بنەمای دادپەروەری کۆمەلأیەتی و کارایی وەزیفی لە کاتی دابەشکردنی تەرخانکراوە داراییەکانی وەبەرهێنان لە ولأتدا بە مەبەستی پتەوکردنی یەکرێزی نیشتمانی و لەناوبردنی بێکاری و هەژاری لە ناوچە جیاوازەکاندا. کە ئەمەش بێ گومان کاریگەری ئەرێنی دەبیت لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمەکەماندا.

٤. ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ووردتر لەسەر ئاستی قەزاو ناحیەکاندا لە هەرێمی کوردستان, دۆخی گەشەپێدان بە شێوەیەکی چاکتر دەخاتە ڕوو. بۆیە پێویستە لەسەر ناوندە ئەکادیمی و زانستیەکان لەم بوارەدا ئەم بابەتە بە هەند وەرگرن و هانی ئەم جۆرە توێژینەوانە بدەن.

## سەرچاوەكان

- **سەرچاوە عەربییەكان:**


١. **بدران، ابراهيم واخرون(١٩٨٩). *قضايا التنمية فى الوطن العربى*. عمان: دار الفكر.**

٢. **الجنابي، صلاح حميد (١٩٨٧) ، جغرافية الحضر- اسس وتطبيقات، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل.**

٣. **الحكومة العراقية، نتائج احصاءات السكان لعام ١٩٥٧ ولعام ١٩٨٧ (لمحافظات اربيل، سليمانية، دهوك).**

٤. **الخير، صفوح (٢٠٠٠)، التنمية والتخطيط الاقليمي، مطابع وزارة الثقافة، دمشق.**

٥. **الشاهد، فهيمة محمد سعدالدين (١٩٩٩)، التنمية العمرانية والادارة الحضرية، رسالة دكتوراة، كلية الهندسة، جامعة القاهرة.**

٦. **العاني، محمد جاسم (٢٠١١)، التخطيط الاقليمي(مبادئ واسس- نظريات و اساليب)، دار الصفاء للنشر والتوزيع، عمان.**

٧. **عبدالعال، احمد (١٩٩٧)، الاختلافات الاقليمية في مستويات التنمية، مجلة الجغرافيا و التنمية، كلية الاداب، جامعة المنفية،العدد التاسع.**

٨. **العيسوي، ابراهيم (٢٠٠١)، التنمية في عالم متغير (دراسة فيى مفهوم التنمية و مؤشراتها، دار الشرق، القاهيرة.**

٩. **غنيم ، عثمان (١٩٩٥)، قياس التنمية البشرية، مراجعة نقدية في التنمية البشرية في التنمية البشرية في الوطن العربي ،دراسات الوحدة العربية، بيروت.**

١٠. **غنيم، عثمان (١٩٩٩)، مقدمة في التخطيط التنموي الاقليمي،دار صفاء،عمان.**

١١. **القريشي، محمد صالح تركى (٢٠١٠)، علم اقتصاد التنمية،الطبعة الاولي ،عمان.**

١٢. **كيلاني، محمد، عبدالمقصود(١٩٨٢)، الفوارق الاقليمية وطرق قياسها، معهد التخطيط القومي، القاهرة.**

١٣. **وديع، محمد عدنان (١٩٩٥)، مسح التطورات في مؤشرات التنمية و نظرياتها، المعهد للتخطيط، الكويت.**


- **سەرچاوە كوردییەكان:**


١٤. **اسماعيل، ايوب خليل (٢٠١٤)، گردبوونەوەی شارنشینی لە هەرێمی كوردستان و گرفتەكانی، گۆڤاری كۆزان، كۆلێژی پەروەردەی بنەرەتی، ژمارە (٣)، لا٣٧٧.**

١٥. **حكومەتی هەرێمی كوردستان، وزارەتی پلان دانان، دەستەی ئامار، ئاماری فەرمی ساڵی ٢٠٠٨/٢٠٠٩**

١٦. **حكومەتی هەریمی كوردستان، وەزارەتی پلان دانان، ڕەشنووسی پلانی گەشەپێدانی ستراتیجی هەریمی كوردستان ٢٠١٣-٢٠١٧، هەولێر،٢٠١٢**

١٧. **حكومەتی هەریمی كوردستان، وەزارەتی پلان دانان، پلانی گەشەپێدان بۆ هەریمی كوردستان ٢٠١٥-٢٠١٩، هەولێر،٢٠١٤**

١٨. **شوانی، هیوا ئەمین جەلال (٢٠٠٧)، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، كۆلیژی ئەدبیات، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.**

- سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

١٩. Alkire, S. and Santos, M.E. (٢٠١٠). “Acute Multidimensional Poverty: A New Index for Developing Countries.” *OPHI Working Papers* ٣٨, University of Oxford.
٢٠. Clower, R.j, (١٩٦٦ ) Growth without development, Evanston.
٢١. Drewnoski ،j،On (١٩٧٤)Measuring and planning the quality of life،The Hague،Mouton.
٢٢. Fridman.j, ( ١٩٦٩)Regional policy, A case Study of Venzuela, Cambridge, M.I.T.
٢٣. Hicks, N., & Streeten, P. (١٩٧٩), *Indicators of development: The search for basic needs yardstick*. World Development, ٧, ٥٦٧-٨٠.
٢٤. Ismael, Ayoob khaleel & Ibrahim Ngah (٢٠١٠). Urban planning for small and medium cities in Kurdistan Region- Iraq"PROBLEMS AND AVAILABLE OPPORTUNITIES", International Journal of Engineering Science and Technology Vol. ٢(١٢), P. ٧٠٧٠-٧٠٧٧.
٢٥. Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Regional Development Strategy for Kurdistan Region ٢٠١٢-٢٠١٦, Erbil, ٢٠١١
٢٦. Results of IHSES, ٢٠٠٦/٢٠٠٧, and ration book details (٢٠٠٧).
٢٧. World Bank.(٢٠٠٢) .*The Republic of Yemen Economic Growth Sources, Constraints and Potentials, Report No.* ٢١٤١٨ .Washington: YEM.

**الملخص**

يُعتبر مشكلة التفاوت المكاني للتنمية احدى المعوقات الرئيسة لعملية التطور فى اقليم كوردستان العراق. لهذا يُعد عملية تحديد حالة التنمية فى كل محافظة و معرفة درجة الاختلاف فيما بينها وسيلة ناجعة لغرض ايجاد طريقة فعالة لمواجتها. فى هذا البحث تم دراسة وتحليل حالة التنمية على مستوى محافظات الاقليم اعتمادا على عدة مؤشرات اقتصادية- اجتماعية وباستخدام ثلاثة طرق لقياس حالة التنمية, وهى مقاييس: درجة التنمية و مرتبة التنمية وحالة التنمية. وعند تطبيق الطرق المذكورة على منطقة الدراسة تبين ان هناك اختلافات واضحة فى درجة التنمية بين محافظات الاقليم. وقد توصلت الدراسة فى النهاية الى انه وبهدف استحصال التوازن فى عملية التنمية يجب الاخذ بعين الاعتبار مسالة العدالة الاجتماعية والكفاءة الوظيفية فيما بين المحافظات عند توزيع المخصصات المالية والاستثمار. وهذه الحالة بلا شك سوف تساعد فى تعزيز الوحدة الوطنية و تقلل من ظاهرتى البطالة و الفقر فى الاقليم.

**Abstract**

Spatial variability of development considered as one of the main barriers to the process of development in the Kurdistan region of Iraq. Therefore, the process of determining the condition of development in each province and knowing the degree of difference between each of them is an effective means for finding a way to overcome this problem. A study was conducted to analysis the state of development at the level of provinces, depending on several economic and social indicators and by using three ways to measure the state of development (development degree, development rank and the development status) the result shows that there are clear differences in the degree of development between the provinces of the region. Finally, the study concluded that in order to obtain a balanced development process in the region, the government must take into account the issue of social justice and functional efficiency among the provinces while allocating financial and investment projects. This situation will undoubtedly help promote national unity and diminish the phenomena of unemployment and poverty in the region.